# داگیرکاریی ئەمەریکا و باکوری عێراق!!

د. حـــوسنی مەحـــلی
لە تورکییەوە: بەکر شوانی

لە کاتی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاییەکانەوە تا ئێستا من نوسینی لەمەڕ کوردەکانم دواخستووە. بەڵام پێرێ وتارێکی ڕۆژنامەی (The Jerusalem Post) بە وەرگێڕدراوی لە ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ دا بڵاوکرایەوە. لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە بە زمانحاڵی حکومەت دادەنرێ، بایەخم بە وتارەکە دا. ئەم وتارە باس لە کوردەکانی عێراق دەکات و پوختەی ناوەڕۆکەکەی بەمجۆرەیە:

(دیاترین ڕێگا کە لە عێراقدا دەچێتەوە سەر کلتوری سیاسەتێکی کەمتر سەرکوتکەرانەتر، بە ڕەسمی ناسینی مافی چارەی خۆنوسینی کوردەکانە، هەر وەکو چۆن فەلەستینیەکان مافی ئەوەیان هەیە لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدا نەژین، کوردەکانی باکوری عێراقیش مافی خۆیانە کە لەژێر دەسەڵاتی عەرەبدا نەژین. پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق ڕێسایەکی پیرۆز و بڤە نیە و تاقانە تەگەرەی بەردەم دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسینی کوردەکان، سیاسەتی بەرچاوانە: تورکیا کە گوشار دەخاتە سەر کەمینەکەی خۆی، پەیدابوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری عێراق پێ هەرس ناکرێ، بەڵام هەر وەکو چۆن بانگەشەی ئیسرائیلیەکان ناتوانێ سێبەر بخاتە سەر مافی چارەی خۆنوسینی فەلەستینیەکان، بە هەمان شێوە دەبێ ڕێگە بەوەش نەدرێ کە بانگەشەکانی تورک سێبەر بخاتە سەر مافی کوردەکانی عێراق. ئاشکرایشە کە تورکیا لە پای ئەو ڕۆڵە نادیارەی کە لە شەڕی عێراقدا گێڕای، لە چاوی ئەمەریکادا ئەو گرانیەی جارانی نەماوە. ئەو شتەی کە لە تەواوی جیهاندا وەکو مافی فەلەستینیەکان دەبینرێ، پێویستە بۆ کوردەکانی عێراقیش بە هەمان شێوە بێت.)

لە ڕاستیدا نوسین و ڕاڤەی زۆر لەم جۆرە لە چاپەمەنی ئیسرائیلدا بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام دوو پێداگرتنی زۆر گرنگ لەم نوسینەدا هەن کە نابێ لەبەر چاو نەگیرێن. . یەکەمیان، ئەوەیە کە ڕۆژنامەکە هەوڵ دەدات بارودۆخی کوردەکان و فەلەستینیەکان وەکو یەک نیشان بدات، واتا هەر وەکو چۆن ئیسرائیل فەلەستینی داگیر کردووە، عەرەبەکانیش بە هەمان شێوە باکوری عێراقیان داگیر کردووە. ئەمە لە کاتێکدا عەرەبەکانی عێراقیش وەکو کوردەکانی عێراق هەزاران ساڵە خاوەنی ئەو نیشتیمانەن و هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ئەوەی کە کوردەکان و عەرەبەکان و گروپە ئەتنیەکانی تر بە دەست سەدامەوە چەشتیان. فەلەستینیەکانیش هەزاران ساڵ بوو لەسەر خاکی خۆیان دەژیان تا ئیسرائیلیەکان ئەو خاکەیان داگیر کرد و لە ساڵی 1948 دەوڵەتی خۆیان دامەزراند و سەرەڕای تێپەڕ بوونی 55 ساڵ، هێشتا لە سەدا 60ی دانیشتوانی ئیسرائیل لە دایکبووی ئەو وڵاتە نین، واتا لە هەر چوار لای جیهانەوە هێنراون و لەسەر ئەو خاکە نیشتەجێ کراون.

دووەمیان، ئیسرائیل پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری عێراق دەکات و تورکیاش بە تاقانە تەگەرەی بەردەم ئەم کارە دەزانێ. بە بۆچوونی ئیسرائیلیەکان تورکیا بەهای جارانی لە دەستداوە، ئەمە لە کاتێکدا وەزیرەکانی ئیسرائیل و سەرانی لۆبی جولەکە لە ئەمەریکا لە سەردانی ئەم ڕۆژانەی دواییاندا بۆ تورکیا پێچەوانەی ئەم شتەیان دەوت!! لە کاتێکدا ئەم ڕۆژنامە ئیسرائیلیە واتا دەوڵەتی ئیسرائیل ئەم هەڵوێستە نیشان دەدات، ڕۆژنامەی بەریتانی (**The Times**) لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بۆ باکوری عێراق دەڕوانێ. ڕۆژنامەکە باس لە بارودۆخی ئێزیدیەکانی باکوری عێراق دەکات و دەنوسێ:

(ئێزیدیەکان کە دەگوترێ سەرجەم ژمارەیان 700 هەزار کەس دەبێت، سەرنجڕاکێشترین گروپی ئەتنیکی و مەزهەبی عێراقن. . ئەوان لە هەموو لایەک زیاتر بە ڕووخاندنی سەدام حسێن خۆشحاڵ بوون. . بەشی

زۆری ئێزیدیەکان لە باکوری عێراق دەژین و بە زۆریش کوردن. . ئێزیدیەکان ڕۆژی دوو جاران نوێژ دەخوێنن، بەڵام شەراب دەخۆنەوە و گۆشتی بەرازیش دەخۆن. ئەوان ئەمەریکا و بەریتانیا بە هێزی ڕزگاریبەخش دادەنێن و داوای بەردەوامبوونی داگیرکاریی عێراق دەکەن.)

باشە لە کاتێکدا چاپەمەنی ئیسرائیل و بەریتانیا ئەم جۆرە شتانە دەنوسن، ئەمەریکا لە باکوری عێراق چی دەکات؟ یەکەکانی ئەمەریکا کە هێشتا عێراقیان بە تەواوی داگیر نەکردبوو، لە باکورەوە دەستیان کرد بە ڕاپەڕاندنی نەخشەی بڵابوونەوە بە سەتاسەری وڵاتدا، هۆی دەستپێکردنیشیان لە باکورەوە، بەرەنگار نەبوونەوەی کوردەکان بوو. ئەگەر چاو بە زانیاریە هاتووەکاندا بگێڕدرێ، ئێستا **15** هەزار سەربازی ئەمەریکایی لە باکوری عێراقدان، بە دەستەوەیە ئەم ژمارەیە تا کۆتایی ساڵ بگاتە **50** هەزار. ئەمەریکاییەکان ئەم سەربازانە لە سنورەکانی تورکیا و سوریا و ئێران مۆڵ دەدەن و ئەو کاتەش دەست دەکەن بە جێبەجێکردنی نەخشەکانی خۆیان لەدژی ئەو سێ وڵاتە. پکک لەدژی تورکیا و موجاهیدینی خەڵک و هەندێ گروپی کوردی لەدژی ئێران بەکاردێنن و ئەگەر پێویستیش بکات چەند گروپێک دەکەن بە گژ سوریادا. بێگومان ئەمەریکاییەکان هەمان کات دەستیان کردووە بە لەبەرچاو گرتنی تەدبیری پێویست. . ئەوان لە دەست بەسەردانی کەرکوک لەلایەن کوردەکانەوە چاوپۆشیان کرد و لە باکوریش دەستیان بە دامەزراندنی سوپای نوێی عێراق کرد، واتا ئەمەریکاییەکان سوپای نوێ لە پێشمەرگە و لەو ئەفسەرە عەرەبانە پێکدێنن کە پێشتر پەنایان بۆ باکور بردووە. ئەمەریکاییەکان ئێستا لە باکوری عێراقدا چوار بنکە بەکاردەهێنن، فڕۆکەخانەکانی هەریری نزیکی هەولێر، ڕانیەی باکوری سلێمانی و فڕۆکەخانەکانی کەرکوک و موسڵ بە شێوەیەکی کارا کەڵکیان لێوەردەگێرێ. بنکەی موسڵ کە لە سوریا و تورکیاوە نزیکە و بنکەی ڕانیە کە لە ئێرانەوە نزیکە، زۆر گرنگن، بنکەی بامەرنیش کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی تورکیادایە، ئەوا ئەمەریکاییەکان خەریکن لەوێش نیشتەجێ دەبن. باشە لەگەڵ هەموو ئەم پێشهاتانەدا کوردەکانی باکوری عێراق چی دەکەن؟ بە پێی ڕاپرسیەکانی ئەمەریکا لە هەرێمەکە، لە سەدا **83** ی کوردەکان پشتیوانی لە بەردەوامبوونی داگیرکاری دەکەن، واتا بەشی زۆری کوردەکانی باکوری عێراق لایەنگری مانەوەی ئەمەریکان لە عێراقدا. ئاواتەخوازم و باوەڕیش دەکەم کە ئەم زانیاریانە ڕاست نین، چونکە نەک هەر کوردەکانی عێراق، بەڵکو هەموو کوردەکانی هەرێمەکە باش لە بیریانە یان دەبێ بیریان بخرێتەوە کە لە ڕابردوودا زەبری چۆنیان بە دەستی بەریتانیا و ئەمەریکا خواردووە. ئەگەر نا، کوردەکان لە داگیرکاری عەرەبەکان (بە وتەی ڕۆژنامە ئیسرائیلیەکە بێت) ڕزگاریان دەبێت و دەکەونە ژێر داگیرکاری ئەمەریکاوە. کوردەکان کە بە درێژایی مێژوو داگیرکاری زۆریان چەشتووە، لە نزیکترین کاتدا دەبینن کە داگیرکاری ئەمەریکا لەوانە هەمووی خراپتر دەبێت، چونکە ئیسرائیلیەکان پشتیوانی لەم داگیرکاریە دەکەن!! ئەوەی ئەمڕۆ ئیسرائیلیەکان بە خەڵکی فەلەستینی دەکەن، ڕۆژێک دێت ئەمەریکاییەکان بە کوردەکانی دەکەن. لەو باوەڕەدام کەسانێک هەن لە ناو کورد دا کە ئەم ڕاستیە دەزانن، هەوڵەکانی مەسعود بارزانی لەم ڕۆژانەدا سەلمێنەری ئەمەن. بەلایەنی کەمەوە گەلی کوردیش وەکو گەلی فەلەستین شایەنی ئەوە نیە داگیر بکرێ. گەل (نەتەوە) ی کوردیش مافی خۆیەتی وەکو گەلان (نەتەوەکان) ی عەرەب و تورک و عەجەم لە سنورەکانی ئێستادا یان لە پێکهاتە نوێکاندا بە ئازادی بژین. چوارچێوەی ئەمەش ئێمەی ڕۆژنامەنوس نا، بەڵکو حکومەتەکان بە ناوی گەلانی خۆیانەوە بڕیاری لەسەر دەدەن و کاتی دەرکردنی ئەو بڕیارانەش هاتووە. ئەگەر ئێمە ئەم بڕیارانە نەدەین یان نەتوانین بیاندەین، ئەوا کەسانێکی تر دێن و بە ناوی هەمووومانەوە بڕیار دەدەن. مەگەر بە درێژایی مێژوو هەروا نەبووە!!

---

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی یەنی شەفەق 2003/6/18**